# هەڵبژاردنو موقاتەعە .

28.11.2004

**جبار محسن**

Jabar_muhsin@yahoo.no

وابڕیارە مانگی کانوونی دووەمی ساڵی 2005 هەڵبژاردنێکی سەرتاسەری لە عێراقدا بەرپا بکرێت . ئەم مەسەلەیە هەموو حیزبەکانی هێناوەتە جۆشو دەیانەوێت ئەسپی خۆیان تاو بدەن لەم بوارەدا بۆگەیشتن بە دەسەڵات . لەم بارەیەوە بەیتو باڵۆرەی زۆر بەسەر دیمکراتیداو وەك ئەوەی دیموکراتیەتێك كە بڕیارە بەرێوە بچێت هیچ غەلو غەشێکی تیا نەبێت ، کەچی هەر ئەوانەی ئەم هەرایەیان ساز کردوو بۆ خۆیان باس لە موخالەفاتو هەرەشەو کرینو فرۆشتنی دەنگو ......هتد ئەکەن و تەلەفزیۆنەکانیان پێوەسەرقاڵ کردووە .

بەلاّم باسکردن لەم هەڵبژاردنە بەم جۆرە بە هیچ جۆرێك نامانگەیەنێتە ئەنجامێکی ڕۆشن چونکە ئەوەی قەرارە بەڕێوە بچێت سیناریۆی هەڵبژاردنە نەك هەڵبژاردن . لەبەر ئەوەی بە هیچ پێوەرێك ئەوەی بەڕێوە دەچێت هەڵبژاردن نییە . لیژانەکان دیار نینو سەربەخۆنین و بڕیارو موقەڕەراتی کارکردنیان ڕۆشن نییە ، هیچ لیژنەیەکی چاودێرو سەربەخۆ بۆ پرسینەوە لە خرووقاتەکان لە ئارادا نین . مەهزەلەی وا لە هیچ شوێنێك نەبینراوە کە جێگری لیژنەی بەڕێوەبردنی هەڵبژاردن سەر بە حیزبێك بێت کە گوایە موقاتەعەی هەڵبژاردن ئەکاتو لە لایەن هێزێکەوە کە عێراقی نییەو خاوەن دەسەڵاتە بخرێتە زیندانەوە !!!!! هیچ پەیوەندییەكو چاودێرێکی نێودەوڵەتی بێ لایەن لە ئارادا نییە کە لەسەرو هەموو ئەو لیژانانەوە کە باسم کرد بتوانێ بپرسێتەوە و شەرعیەتی نێودەڵەتی بە ئەنجامەکانی هەڵبژاردن بدات . لە هەمووی گرنگ تر هیچ دەسەلاّتێکی سەرتاسەری نییە کە مەسئولیەتی ئازاد بەڕێوە چونی هەڵبژاردنەکە هەلگرێت . هەموو کەس دەزانێ کە بەدەر لە بڕیارو موقەڕەراتەکان ئەوە دەسەلاّتێکە کە دەبێت زەمانەتی بکات کە تەواوی هێزەکان بە ئازادی بەشداری هەڵبژاردن بکەن . لە هەرجێگەیەك دەسەلاّتێك لە ئارادایەو جیکەڵدانەی ئەویش چەندی گرت هەر ئەوەندە ئازادی هەیە . بۆ نمونە لەو شوێنانەی کە هێزە چەکدارە ئیسلامیەکان باڵا دەستن هیچ ئازادیەك نابینرێت . لەو شوێنانەش کە دەسەلاّتی ناسیۆنالیزمی عەرەب لە ئارادایە ناسیۆنالیستی کورد پەلبەست کراوە و بە پێچەوانەوەشەوە هەر وایە . لە هەموو بێ مانا تر ئەوەیە کە لە کوردستانی ئازاددا، لە سلێمانی پارتی ئەبێ مەمنونی یەکێتی بێت ئازادانە بەشداری بکاتو لە هەولێریش دەبێ یەکێتی مەمنونی پارتی ببێت !!!! لە هەموو جێگەکانیش کرێکارانو کۆمۆنیستەکان زۆرترین ڕێگریان لەبەر دەمدایە یاخود هەر ئازاد نیین . لەسەر هەموو ئەمانەوە دەسەلاّتی داگیرکاری ئەمریکا ڕاوەستاوە کە ئەم سیناریۆسازیە لە بەرخاتری شەرعییەتدان بە خۆیو مانەوەی هێزە سەربازیەکانی لە ناوچەکەدا ساز دەکات ، واتە ئەگەر ئاکامی هەڵبژاردنەکە هەر ئەنجامێکی تر بەدەست بهێنێ نابێ سەر بگرێتو ئەمریکا قبولّی ناکات . ئەم هەڵبژاردنە لەژێر ئەم مەنگەنەیەدایە ، ئەم مەنگەنەیە ئەنجامی هەڵبژاردنەکەی هەر لە ئێستاوە دیاری کردووە و خەسیسەی ئەساسی هەڵبژاردنی هەر لە ئێستاوە لە بەر یەك هەڵتەکاندووە . هەڵبژاردن یانی ئەو شتەی کە نەتیجەکەی بەشداران دیاری دەکەن بە

دەنگەکانیان ئەگەر بە تەزویریش بێت بەڵام لێرەدا کار لە تەزویردا نەماوە ئەنجامەکەی وەك ڕۆژی ڕوناك دیارە . ئەمە ئەو شتەیە کە پێی دەڵێن هەڵبژاردنو بەڕێوە ئەچێت . دۆزینەوەی ناو بۆ ئەمە کارێکی قورسە .
هەر بەم پێوەرە کە ئەمە هەڵبژاردن نییە موقاتەعەکەشی موقاتەعە نییە . مەبەستم لەوەیە کە ئەگەر لە کۆمەڵگە نۆرماڵەکاندا موقاتەعەی هەڵبژاردن بریتی بێت لە نەچون بۆ دەنگدانو دژە پڕوپاگندە کردن بۆ هەڵبژاردن بە مەبەستێکی سیاسی ئەوا لەم سیناریۆی هەڵبژاردنەدا کە لە عێراق بەڕێوە دەچێ ئەوە ناتوانێ وەڵامێکی پێویست بێت و ناتوانێ بەر بەو سیناریۆیە بگرێت کە لە ئارادایە ، بەڵام ئەگەر لە وڵاتێکی ئەورووپی بێت کاریگەری جدی لەسەر هەڵبژاردنەکەو هاوکێشە سیاسیەکان دادەنێت . نەچون یان پێشکەش کردنی وەرەقەی سپی ناتۆانێ موقاتەعە، بە مانا پڕ بە پڕەکەی بگەیەنێت لە ئێستای عێراقدا .
دەڵێن سوننە بەشداری ناکات لە دەنگ دانەکان بەڵام ئەوەی بەرگی سونی بوون بۆ خەڵك دادەتاشێ دەتوانێ ئەو کەسانەی کە ئەو بەسوونی دەزانێ ببینێ کە لە ژێر باڵی حیزبێکی تردا بە نیازن بەشداری هەڵبژاردن بکەن .
دەڵێن هیچ ئامارو سەرژمێرییەك لە ئارادا نییە ، هەندێ ژمارەو ناوی وەهمی لە ئارادان یان هەندێ کەس لە چەند لیستێکداو لە شوێنی تریشدا ناویان هاتووە . ئەگەر من بەشداری لە هەڵبژاردن نەکەم ڕەنگە بەناوی منەوە لە چەند شوێنێك بەناوی منەوە دەنگ تەسجیل بکرێت ، کە وایە بەشداری نەکردنەکەی من هیچ ناگەیەنێت ئەگەر نا کەی من لەسەر ئەرزی واقیع ، نەك هەمان جێگە بەڵکو جێگەیەکی گەورەتر لەوەی کە ئەوان بەناوی منەوە تەسجیلیان کردووە نەگرێت . واتە موقاتەعەی هەڵبژاردن بریتی نابێت لە بزوتنەوەی نەچوون بۆ سندوقەکانی دەنگدان بەڵکو دەبێت بزوتنەوەیەکی سیاسیو جەماوەری بەهێز بێت کە وەڵامی ئەو سیاسەتە دژی خەڵکییە بداتەوە کە لەژێر سیناریۆسازی هەڵبژاردندا خۆی حەشارداوە .
بەڵام ئێمە ناتوانین بڵێین دژی هەڵبژاردنین لەبەرئەوەی هێشتا هەڵبژاردن لە زەینی خەڵکدا لە دوای 35 ساڵ دەسەڵاتی سەرکوتو دیکتاتۆری ئەو سیناریۆ جوانەیە کە ئینسانەکان ئازادانە ئیختیاری تیا دەکەن بە چەند ئەگەرو ئەمماوە . بۆیە بزووتنەوەی موقاتەعە کردنی هەڵبژاردن دەبێت بە تەواوی ڕۆشنی کردبێتەوە کە ئەوەی بەڕێوە دەچێت هەڵبژاردن نییە ، ڕەخنەی ڕیشەییو شۆڕشگێڕانە بگرێت ، تەواوی ئەگەرەکان بۆ خەڵك ڕۆشن بکاتەوە و ئاراستەیان بکات بۆ داخوازیو مەسائیلی دیاری کراو . ئەو داخوازیو مەسائیلە دیاری کراوانە چین ؟ زۆر بە سادەیی ئەتوانین بڵێین ئەو داخوازیانە ئەو شتانەن کە خەڵك زۆر موحتاجین و ئەو مەسائیلانەن کە زۆر قورسایی هەیە لە ژیانیاندا و خوازیاری یەکلا کردنەوەیانن . بەڵام عێراق لە باکورەوە تا باشور یەك داخوازیو مەسائیلیان نییە . کوردستان کومەڵگەیەکی جیاوازە لە باشورو ناوەڕاستو داخوازیو مەسائیلەکانی تایبەتن و باشورو ناوەڕاستیش بەهەمان شێوە .
لە کوردستاندا بزووتنەوەی موقاتەعە دەتوانێ بە بەرپاکردنی ڕیفراندۆم بۆ جیا کردنەوەی کوردستان لە عێراق گەورەترین نا بدات بەڕووی سیناریۆی هەڵبژاردنو سازکەرانیدا . ئەم بزوتنەوەیە پێویستە هەر لە ئێستاوە شیعاری ڕیفراندۆم پێش هەڵبژاردن بەرز بکاتەوە . بەڵام لە ناوەڕاستو باشوری عێراق مەسەلەکە بە جۆرێکی ترە ڕەنگە شیعاری چوونە دەرەوەی هێزە داگیرکارەکانی ئەمریکا پێش هەڵبژاردن بتوانێت باشترین تەعبیر بێت بۆ بزووتنەوەی موقاتەعە کردنی هەڵبژاردن . خەڵك نانو ئەمنیەتی ئەوێت نەك سیناریۆی هەڵبژاردن . خەڵك دەبێت بە بزووتنەوەی موقاتەعەدا کاروانی جەماوەری ساز بکات بۆ نانو کارو ئازادی . خەڵك بەدەست تیرۆری دەوڵەتیو غەیرە دەوڵەتیەوە ئەناڵێنێ و داوای ڕزگاری ئەکاتو هیچ قازانجێکیان لەوەدا

نییە کە تیرۆریستەکان بە هەزارو یەك بەرگەوە گونجێنراون لە حکومەتە دەستکردەکەی ئەمریکاداو دەیانەوێت بەشداری لە هەڵبژاردندا بکەنو بگەن بە دەسەڵات بە ڕەسمی .
ئەم بزووتنەوەیە لە هەردوو بەشەکەی عێراقدا پایەیەکی جەماوەری زۆر بەهێزیان هەیە و دەتوانن دەوریان هەبێتو هاوکێشە سیاسیەکان بگۆڕن . لەم پێناوەدا دەبێت بیری زیاتر بکەینەوە و هەوڵی جدی بدەین هەتا سیناریۆی ڕەشی هەڵبژاردنو ئاکامە ڕەشەکانی لەسەر خۆمان دوور بخەینەوە .